# سی ساڵ بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان

**ناسری حیسامی**

هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، بە دوای ڕاپەڕینی مانگی ڕێبەندانددا، نەک هەر ویستو ئامانجەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی لەبار برد، بەڵکوو ژیانی دەیان میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێرانو ناوچەکەی تووشی کارەسات کرد.

لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا گەورەترینو پڕکارەساتترین شەڕی ناوچەیی، واتە شەڕی ئێرانو عێراق خوڵقا، کە هەشت ساڵ درێژەی کێشا و، دوای شەڕی جیهانی گەورترینو درێژترین شەڕ بوو کە بە میلیۆن ئینسانی تێدا کوژراو بە میلیۆنیش تێیدا ئاوارەو ماڵوێران بوون.

لە ئەنجامی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەو حکوومەتەدا، بێمافی دژ بە ژنان بەڕێوە چوو. کۆتوبەندی کۆیلەتی خرایە گەردنیان، حیجابی ڕەشیان بەسەردا دراو لە زۆر مەیدانی کارو ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی وەدەر نران.

دەیان هەزار زیندانیی سیاسی کوژرانو ، سەدان هەزار ئێرانی زیندانیو شکەنجە کران.

زانستو زانستگەکان بەرانبەر بەدەسەڵاتی حەوزەی ئاخوندەکان پاشەکشەیان پێکرا، باسکردنی زۆر بابەتی زانستی قەدەغە کراو سەدان زاناو مامۆستای زانستگە دەرکرانو کار پێسپاردنیان بوو بە تاوان. لەدژی نووسەرانو ڕووناکبیران، خومەینی فتوای دا، "قەڵەمەکانیان بشکێنن".

ئابووریی ئێران وێران بوو. هەژاری پەرەی گرت. سەرکوتکردنی میللەتان بە لەشکرکێشیی بەرین پەرەی پێدرا. کوردستان کرایە ئامانجی لەشکرکێشییەکی دڕندانەو دەیان شار بۆمباران کرانو دەیان گوند کرانە مەیدانی قەتڵیعامو کوشتاری بەکۆمەڵی ژنانو پیاوانو منداڵانی بێدیفاع.

خومەینی بڕیاریدا هەموو جووڵانەوەو ناڕەزایەتەیەک بدرێتە بەر گوللە.

کارخانەکانیان کرد بە شوێنی سەربازی و، کرێکار بوو بە بەشێکی بێمافتر لە جارانو بۆ چەندین ساڵ هەر چەشنە مافێکی سینفیی کرێکاری پێشێل کرا.

گەورەترین دامو دەزگای جاسووسیو شکەنجە لە مێژووی ئێراندا دامەزرا کە لە وەحشیگەریو سەرکوت کردندا بێهاوتایە. خومەینی بەوانەی دەگوت ئومێدو چاوو گوێی ئینقلاب.

ئەم دەزگایە وەها دەست ئاواڵەو بێسنوورو لەمپەر، ڕەفتای دەکردو دەیکا، کە لەگەڵ گەشتاپۆی هیتلێری ناوی دەبرێ. هەر چەشنە ڕەخنەو بیرێکی جیاواز بە ناوی دژایەتی لەگەڵ ئێسلام توندترین سزای بۆ دیاری دەکراو دەکرێ.

زیندانیکردنی ژنانی سیاسی لەگەڵ کۆرپەی ساوایانو لە دایک بوونو گەورەبوونی هەزاران منداڵ لە زیندانەکاندا دیاردەیەکی ئاسایی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی بووە. دەسدرێژی بۆ سەر کچانی زیندانی پێش ئێعدامکردنیان، بەناوی ئەوە کە کچ نابێ بە کچێنی ئیعدام بکرێ، لە سەر فتوای خومەینی بوو.

له ڕوانگەی زۆر له ئێرانییەکانەوە، خۆمەینی و جووڵانەوەکەی نوێنەری دواکەوتوویی‌و تاریکیی هەزار ساڵ لەوە بەر بوون کە بە گژ هەموو ئاسەواری شارستانیەت‌و ئازدیخوازی لە ئێران‌و ناوچەکەدا چوون. لە جیاتی پەیوەندی شارشتانیانەو هاوپشتیی میللەتان، ڕایەڵەی تیرۆرو تۆقاندن‌و ئاژاوەنانەوەو بۆمب تەقاندنەوە، بوو بە پەیامی ئێرانی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەو گۆشەوکەناری جیهان. هەر دەسکەوتێکی کۆمەڵگای ئێران کە مۆری پێشکەوتوویی پێوە بوو، لە ناو براو بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت مێژووش گۆڕدرا.

خەڵکی کوردستان بە فتوای خومەینی لە لایەن هێزەکانی ئەرتەش‌و پاسدارەوە، هێرشی کرایە سەرو کوردستان بوو بە پادگانێکی نیزامی‌و خەڵکی کوردستان وەک دوژمن چاویان لێ کرا. قازییەکانی خومەینی لە کوردستان، لەوانە خەڵخالی، بە قەسابی خەڵک ناسران.

کۆماری ئیسلامی ساڵەها دوای تێداچوونیشی، لە مێژووی ئێران‌و ناوچەکەو جیهاندا دەمێنێتەوە، بەڵام وەکوو بیرەوەرییەکی تاڵ، وەک هێمای سەرکوتگەری‌و مەرگو خوێن و، بەرهەمی دزێوی مێژووی ئەم سەردەمە.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیتوانی لە خەڵکی بستێنێتەوە، هیواو ئومێد بە ڕزگار بوونە و، ئەوەی هەرگیز نەیتوانی بەربەستی بکا خەبات‌و تەکان بۆ ڕزگاری‌و بەختەوەرییە.

خەڵکی ئێران بۆ ڕزگار بوون لە تاریکستانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، خەباتێکیان پێویستە لە دژی هەموو دیاردەدەکانی ستەم‌و سەرکوت.